# نەفرەت لە ئیسلام

## دڵشاد ئیبراهیم

پاش ئەوەی لەکار گەڕامەوە ماڵەوەو بەگەیشتنم بۆ ماڵ هەروەک پیشەی ڕۆژانە کەناڵی تەلەفزیۆنەکەم گۆڕیە سەر هەواڵەکان، چونکە بە تاسەو خەمێکی زۆر قوڵەوە چاوەڕێی بیستنی هەواڵی کۆتایی هاتنی قەیرانی دەستبەسەراگرتنی خوێندنگە مناڵانەکەی باشووری ڕووسیا بووم کە چەند ڕۆژێک بوو لەلایەن چەند ئیسلامێکی چەکداری ترسنۆکی بێغیرەتی بێویژدانی سەرەتانی سەر دڵی کۆمەڵگەی بەشەریەتەوە کۆنترۆڵ کرابوو وەک هەوڵێکی تیرۆریستانەی ترسنۆکانە بۆ بێزارکردنی دەوڵەتی ڕووسیا لەبەرامبەر جەنگی دژی چیچانیەکان. بەلاَم چی ببیستمو چی ببینم؟! کوژرانی زیاتر لە ٢٥٠ کەسو بریندار بوونی زیاتر لە ٧٠٠ کەس کەزۆربەی قوربانیەکان مناڵی چاوگەشی دڵپاکی بێگوناهن کە بە شەوقوئارەزوویەکی زۆرەوە لەسەرەتای دەستپێکی ساڵێکی نوێی خوێندندا بوون،

ئەوە چ دەستێکی غەدرو چ هەستێکی گەندەڵو بۆگەنە کە بەخوێنی سەربڕینی هیواو ئارەزووەکانی مناڵانی بێگوناه سوور دەبێت؟!!!
ئەوە چ پەیامێکی ئاسمانیيە ڕێگە بە سووتاندنی باڵی پەپوولەئاسای مناڵان دەداتو لە خەوی خۆشی پێگەیشتنو خزمەتکردنی کۆمەڵگەیان دەزرێنێت؟!!!
ئایا کاتی ئەوە نەهاتوە کەچیتر نە خۆڵ بکەینە چاوی خۆمانو خەڵکیو نە خۆمانو خەڵکیش فریو بدەین بە پیرۆزکردنی ئیسلامو بەستنی دەمامکی پیرۆزی؟!
ئەوە خودی ئیسلامو گەندەڵی ئیسلامە هەڕەشەی نائارامیو کوشتوکوشتارە بۆ سەر ئاشتی هەموو جیهانو بەشەریەت نەک بەتەنها ئیسلامی سیاسی،ئەوە مایەپووچی و قێزەونی خودی قورئانە مرۆڤەکان لە ئینسانی بوونو ئینسانیەت دەکاتودەیانکاتە دڕندەو وەحشی بۆ لەبەین بردنی کۆمەڵو کۆمەڵگا.
ئەوە خودی کتێبە دروستکراوەکەی دەستی موحەممەدە کۆمەڵ فێری تالاَنیو ئەنفالو کوشتنوبڕینو سەر لەلاشە جوداکردنەوە دەکاتو تەنانەت لەکوشتنو

فەسادکردنی منالانیش ناسڵەمنەوە.
من هەرگیز لۆمەی دایکانو باوکانو منالانی چاوگەشی ئیسلامی کورد ناکەم،
ئەوانەی بێبەشن لە خوێندنەوەو تێگەیشتن لە ئایەتە جەللادە شمشێر بەدەستەکانی
قورئانو وەکو دابونەریتێکی باو ئاین پیادە دەکەن، من لۆمەی باوو باپیرانمان دەکەم
ئەوانەی وەکو کورد لەژێر زەبری شمشێردا پشتیان لە دینە دەستکردەکەی خۆیان کردو
چۆکیان دادا بۆ دینێکی دەستکردی پڕ لە بەهای دڕندایەتیو وەحشیگەری کە ئێستا ئێمەی
کوردو هەموو مرۆڤایەتیش پێوەی ئەناڵێنین.
پێم وایە کاتی ئەوە هاتووە کە کتێبە گەندەڵەکەی محەممەد توڕ بدەینو
بڵێین نەفرەت لە ئیسلام نەفرەت لەو دینەی کە هەموو دنیای شێواندووەو
لە هەموو یاساو بەهاکانی مرۆڤایەتی لای داوە.

٤-٩-٢٠٠٤